

## دۆنگی هەر دەژی ..

هەرچەندە لەکۆشکی شاهانە چووە دەرەوە بەڵام بەڕاستی هاتە ناو دڵی ئێمەوە ، دڵ واتە کۆشکی هەست و سۆز . کەباسی دۆنگی بکەی ناکرێ باسی چۆنسوو یا فەرماندە سوو نەکەی ئەگەر هەر بۆ ناوهێنانیش بێ مافی ئەوەیان هەیە ، بۆ زۆرێکمان وەک خزم و کەسیان لێهاتووە شەوانێکی زۆرە هاوهەست و سۆزین . دوای هەموو ناخۆشیەک خۆشی یە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە کەواتە ژیان دوو ماکە چاکە و خراپە وەدیهێنەری خۆشی و ناخۆشی یە . ڕێزەفلیمی دۆنگی درێژکراوەی گشتگیرە بەو دوو ماکە و چەندین تەوەری تری ئاینی ، سیاسی ، پاڵەوانبازی ، خۆشەویستی سەودایی ، خوونەریتی کەڵچەری پێانەوە درامایە . زۆر دەژی لەهەست و بیری بینەرانی وەک زنجیرە فلیمە عەرەبیەکانی حەفتا و هەشتاکان تا نەوتەکانیش وەک دەلیلە و زەیبەق ، رآفت الهجان ، گۆدۆلۆپیێ ..... تاد. تەنانەت کرێکار و عەمبارەکانی ناوبازاری شاگەشکە کردبوو هەموویان ئێواران کۆریتە کۆریتە دەچوونەوە ماڵەکانیان بۆ چاوەبینی تەلەفزیۆنەکانیان . دەڵێن لەکوردستان زۆربەی دوکاندارەکان لەوەڵامی پرسی کڕیارەکانیان هەربەدەست بێژمار پارەیان وەردەگرت جاریش هەبووە شاگەشکەی گرێدراوی شاشەبوون بێ ئاوڕدانەوە بەدەست بەکڕیاریان گەیاندووە نی یە کەچی کەرەستەکەش لەپێش تکانێ داندرایە ! لەهەندەران خەڵک خولیای دۆنگی بوون

لەسواری یاری شەمەندەفەری مەرگ لەنشێوە ترسناکەکان بەدەم ترسەوە هاواریان دەکرد دۆنگییییییییی ـــــــــــــــــــــــی . بەڕاستی دۆنگی دەژی ئەوە نی یە لەکۆتایی چۆنسوو یاوەری پاشا گیۆمە و فەرماندە سوو پێدەکەنێ .



**لەدۆنگ یی بۆ یی سان ..**

پێموایە ئەو پێشگر یا پاشگری ( یی ) لەناوە کۆریەکان پایە و ڕێزداری نێر و مێیی دەداتە کەسەکە ، بۆ پیاو پێشگری ناوە دەڵێن: یی سان یان زۆرجار دایکی خاتوو هوون بەجانگی جای کوڕی دەگوت: یی جان . بەڵام بۆ ژن پاشگرە هەروەک دۆنگ یی . بەبەراوردێک لەگەڵ زمانی کوردی خۆمان وەک وشەی ( خان ) لەکوردی هەردەم پاشگرە بۆ نێر و مێ بەکاردێ وەک ئەحمەد خان  یا بۆ ژن مریەم خان .  لەشێوازی گۆتنی سۆرانی جیاوازی ناکرێ بۆ باسکردنی کوڕ یا کچ بەڵام لەکرمانجی بەنێر دەگوترێ: هەڤالەکی من بۆ کچ دەوترێ: هەڤالەکا من . سود وەرگرتن لەهەموو شێوازە کوردیەکان بۆ وەرگێرانی درامە بیانیەکان زیاتر پیشەگەری فێربوونە نەک قەتیس مان لەتاکە دیالێکتێک ئەوەش گەوهەری قولی دەریای زمان دێنێتەدەر . هەڵسەنگاندن هەردەم دوای بینین و تێگەیشتنە ، گرینگی لەوەدایە مرۆڤ پێشبینی هەبێ . ڕێزەفلیمی یی سانیش بەردەوامی پەیامەکەی دۆنگی یە لەسەردەمێکی تر بۆ لادانی ستەم و دەستەبەری مافی هەژاران ، ڕازاوە بەسوارچاکی ئازایەتی ، گۆڕینی شەڕەشیر بەپیشەسازی گوللە ، دەرکەوتنی دیمەنی جوانی شاخ و دارستانەکانی کۆریا لەگەڵ کەش و هەوای تەڕ و توشی

بەهاری شێدار بۆ هەڵێنجانی سیاسیش تا ئەمڕۆ هەر هەمان تاسە و هەمان حەمام .

## درێژگیان ..

وەگێڕانە کوردیەکە و زمانی حەنک گاڵتەبازی ئەوجارە دەربڕینی بەرپرسیاری موزیک هەستی لاواندنەوەی کوردانەی تێدابوو بۆ کیم یونگ داڵ جگە لەسەمەرەی خەندەهێن ئەو بەدەمەقاڵی جوێنەکانی هەردەم ناشیرینی و کورتیلەیەکەی خۆی بەدرێژی ئەو دەشاردەوە کە ئەی ووت: درێژی گێژ .

## لیۆن ..

تەوەزەل و گەمژەیی کەسایەتیەکی بێ هێز کەدەکاتە کوڕی ژن و پیاوە کورتبین و کەمزانەکەن لەهەمووکەس باشتر من وەک تاقانەیەک دەتوانم لەکوڕە جگسزە سەرشێتەکەیان بگەم چۆن جەنەی گرتبوو دەیویست خاتوو سۆک دۆنگی خان بخوازێ ! لینگە ژەنەی داواکاریەکانی هەردەم بەناز و هەرزەی کردووە چونکە ئەوە خەسڵەتی یەک ئاخوڕی تاقانەیی یە لەمن پرسن !

## گیۆم ( شازادە یۆنگ ئین ) ..

شازادەی گچکە ئەکتەرێکی بەتوانای ڕۆح پەرەیە ، سیمای ساوای پاکی بەخشە کاردانەوەی دەموچاوی کاردەرەوەی کاریگەری بەسەرهاتەکانە لەسەرسوڕماندا دەنگی پرسیاری ها ؟ لەلووتیەوە دێ لەکاتی خۆشحاڵی و هاندانی پاشا لەزۆرانبازی یا شازادەی جێنشین بۆ یاری ڕکانێ کە تیرەکانی بەدەست دەهاویشت هەردوو دەستی بەرزدەکردەوەو و دەیگوت: هێـــــــی ، زۆر جوان بوو لەگەڵ خڕبوونی سەرچەناگەی بەخەم و گرژی یەوە دەموچاوی هەندەی تر بازنەیی دەکرد .

## یاسا و ڕێسای کۆشک ..

جگە لەکێشمە کێشی سیاسی ئاشکرای شەڕەقۆچی وەزیری بەرەکان ، فرت و فێڵی پێ بەبەرپێدان و ئەنیشک هاویشتنی پشت و پێش پەردە کۆمەڵێ ڕێسای ناهەمواری دژکارانە پەیڕەو دەکرێ زۆر نامرۆڤانە بێنەقاقای شازادەیەکی مندڵکاری گرتبۆوە بۆ ژن هێنان و دەرپەڕاندنی لەکۆشک نمونەیە .. لەدەوری پاشا بازنەیەک سیاسەتکار هەنە بەبەراورد لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێمەش جگە لەناونیشان پێگەی

جوایەز هەرهەمان ڕۆڵ و ڕیاکارن . یاسا و ڕێساکان ئەوەندە گرینگ نین ئەوەندەی بڕیاردەر و جێبەجێکارەکانی گرینگن لەپۆزسیۆنە دەسەڵاتیەکان ، لەو بۆچوونەدا خۆی دەگرێتەوە کە دەڵێ: یاسای خراپ بەکارمەندی باش جێبەجێکردنی باشترە لەیاسای چاک کەکارمەندی خراپ جێبەجێ ی دەکا .

## دیواری نێوان دەسەڵات و خەڵک ..

دۆنگی دیوارێکی ڕووخان بۆ کرانەوەی ڕێگای هەژاران بەڵام سیاسیە ڕیاکارەکان سەدان دیوار دروست دەکەنەوە . هەر سیاسین کۆمەڵ دابەش دەکەن بۆ پاشا و گەدا ، ئاغا و جوتیار ، پۆلی یەک و پۆلی دوو ، خانەدان و پلەنزم ، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەرچەندە پارە و پولی پایەیان هەیە بەڵام هەردەم ڕەش و ڕووت بەڕۆح لەوان جوانترن . لەکاتی پارتیزانی ساڵانی 1989 کۆمەڵێ پێشمەرگەی دەشتی کۆیە لەدۆڵە ڕەقە دەبن دکتۆر هیمداد وەک ڕابەر سیاسی ماوەیەک قسە بۆ کۆمەڵە خەڵکێ دەکا دەڵێ: پێشمەرگە و جەماوەر وەک ماسی و دەریا وان زۆر نمونەی شیکاری تریش دەڵی لەدوانە شۆڕشگێڕیەکەی دا لەدوایی وتارەکەی کاوە گجیل کەپێشمەرگەیەکی پارتیزانە دەڵێ: دکتۆر دکتۆر دیوارەکەت لەبیرچوو ! مەبەستی ئەوەیە لەهەموو کۆڕێک دکتۆر کە پێشتر قسەی بۆ جەماوەر کردبوو گۆتبووی: حکومەت دەیەوێ لەنێوان شۆڕش واتە پێشمەرگە و جەماوەر دیوارێک دروست بکا بەڵام ئەوجارە ئەوەی لەبیر چوو ، کاوەگجیلیش دەقی وشە بەوشەی وتارەکانی کۆنی دەرخ کردبوو بۆیە بازی نەدا و داوای کرد باسی دیوارەکەشیان بۆ بکا . ئینجا ئەو دیوارەی دۆنگی ڕووخاندی هەزاران شۆڕشگێریش دەی ڕووخێنن کەچی سیاسیە بەرکارەکان هەر دروستی دەکەنەوە ئێستاش وا لەنێوان دەسەڵات و خەڵکە .

## کاتژمێر لەدرامای دۆنگی ..

چەند جارێک گوێبیستی کاتژمێرەکان بووین گوایە سەعات نۆیە یا سەعات یەک خاتوو هووی ژەهرخوارد دەکرێ کەچی تاکە کاتژمێرێک لەسەر دیوار و جێگەیەک هەڵنەواسرابوو ! ئایا ئەو سەردەمە دەمژمێر هەبووە ؟ پرسیاری دۆستێکی بەڕێزم بوو بەو نیازەی چەند نوسینێکم لەسەر درامای دۆنگی بڵاوکردەوە گەر چووبمە بنج و بنەوانی ئەو

وردەکاریە . لەبارەی سعاتەکان کە لەدرماکە باسکران منیش تێبینم کرد بەڵام دیارە مێژووی کاتژمێر کۆنە شازدە سەدە پێش زایین میسریەکان سعاتی سێبەریان بەکارهێناوە دوایی بابلیەکان سعاتی ئاوییان هەبووە . سعاتی خۆڵ لەکەشتیەکان بەکاردەهات بۆ پێوانەی ڕێگا جگە لەدابەشکردنی دەمەکانی شەو ڕۆژ بۆ یەکەی پێوانەیی بۆ خواردن .. خورێنی ، چێشتان ، فراڤین ، شیوێ ، شەوچرە . بۆ کار و سەفەر تاوهەلات یا ئەستێرەناسی ئەستێرە کاروان کوژەی لەمەر خۆشمان دەمژمێرە . لەسەدەی سێزدەمی زاینیەوە سعاتی میکانیکی دروستکراوە لەئەوروپا تا قورمیش و داهێنانی سعاتی تیشکی تەلەفۆن ( Funk ) لەساڵی 1967 . ئینجا لەوەیە لەسەدەی شازدە و حەڤدەی دراماکەی دۆنگی کەدەکاتە نزیکەی چوارسەدساڵ کاتژێری میکانیکی بەوێش گەیشتبێ ، هەردوو دەرهێنەرە کۆریەکە لەوانەیە حسابی خۆیان کردبێ وابەئاسانی خۆیان ڕەخنەترێن ناکەن ! ئەوە ڕای منە .

## پرسیارگەلی کۆتایی:

- چی لەدۆنگی فێربووی ؟
- کام کەسایەتی خۆتی تێدا دەبینیەوە ؟ یا کامیان کاری تێکردی ؟
- کێهەت لەهەمووان خۆشتر دەوێ ؟
- جوانیت لەچیدا دۆزیەوە ؟
- هۆڵی گەورەی کۆبۆنەوەی وەزیران خۆشترە یا دیاردەی خانەی ژنان ؟
- دەرهێنەرە کۆریەکانت بەدڵ بوو لەبەرهەمەکە ، شێوازی ئامادە و پێشکەشکاری ؟
- وەرگێڕانە کوردیەکەت پێ باش بوو ؟ ڕات چی یە لەجێبەجێکردن و دەربڕینی تۆنی وشەکان ؟
- ئەگەر تۆ دەرهێنەربای چیت دەگۆڕی ؟
- پێت وایە کوردسات قەرداری دۆنگی یە ؟ پێت باشە بەرنامەیەکی تایبەت بەدۆنگی بکا بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنە زۆرترین خەڵک بەشداربێ بەتەلەفۆن و ئیمێل ڕاستەوخۆ دوای بانگەشە بۆ کردنی ؟

- دواپرسیش زۆربەی کورد ئەو پرسیارەی زۆر پێخۆشە: ڕەخنەت چی یە ؟




Dlshadtakana@yahoo.com